# سەبارەت بە سەرکوتی سیاسی لەنێو حککع

## (وەڵامێکی کورت بۆ محسن کریم)

**ئاسۆ غریب**

بەناونیشانی (هاوڕێی ئازیزم قسەکانم تەحریف مەکە) **محسن کریم** بابەتێکی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاوکردووەتەوەو داوا لە (محمدی ئاسنگەران – ئەندامی ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی ئێران) دەکات کە لە سەر ئەو جیاوازیو جیابوونەوانەی ئەم دواییە لەهەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو ئێراندا ڕوویانداوە, قسەکانی تەحریف نەکرێت, گوایە لە سیمینارێکدا لەسەر پاڵتۆك ئەوەی کردووە.

لەو نوسینەدا گلەییو ڕەخنە لە(شاهۆ) بەڕێوەبەری سیمنارەکەو بەرپرسی ژورەکە دەگرێت, بەوەی (سەرباری ئەوەی زیاتریش لەخەڵك قسەی کردووە) بواری پێنەداوە لەزمانی خۆیەوە ڕاییگەیەنێت کە ئامادەیە لەگەڵ محمدی ئاسنگەران مونـاظرە بکەن لەسەر ڕاستیەکان, کە کاك شاهۆ پێشنیازی کردبوو بۆیان.

من پێمخۆشە سەرەتا لەوەوە دەست پێبکەم کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بەگشتیو بەتایبەتی ڕابەرایەتیەکەی هەستو باوەڕێکی وایان هەیە کە لەخەڵکی پیرۆزترنو خاوەنی مافی زیاترنو لەهەر شوێنێك ئەو هەستە جێبەجێ نەبوو ڕاستیەکان دەشێوێنو ئەو ڕەخنەو گلەییەش لەکاك شاهۆ لەوەوە سەرچاوەی گرتووەو لەڕاستیشدا ئەو ڕاستیەی ئەوان لەسەری ساغبوونەتەوە(خۆ بەپیرۆز زانین) کەسەرچاوەی بەشیزۆری کێشەکانیانە لەگەڵ ناوەوەو دەرەوەی خۆیان, تێکدەچێت.

بەهەر حاڵ ئێمە نامانەوێتو بەپرەنسیپی خۆمانی نازانین تەنگژەو کێشە ناوخۆییەکانی ئێستای کۆمۆنیزمی کرێکاری کەڵك لێوەربگرین بۆ هێرش کردن, ئێمە نەك لەکۆمۆنیزمی کرێکاری بەڵکو لەهەر فەصیلێکی کۆمۆنیستی ئەگەر ڕەخنەو کێبەرکێشمان هەبێت لەسەر باشتر خزمەتکردن بەکۆمۆنیزمو بزووتنەوەی کرێکاریە نەك بۆ شکاندنو کەمکردنەوە لەشەئنی کەس.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بەکورتی بیڵێم لەسەرئەوەیە کە محسن کریم سەرێکی باسەکەی هێناوەتەوە سەر ئێمەو لەبڕگەیەکدا دەڵێت ((.....بەدرۆخستنەوەی ئەو تۆمەتانەیە کە حەمە لەدژی ڕابەری حککع بڵاوی کردنەوە, کەگوایە رابەری حککع هەستاوە بەسەرکوتی سیاسی کادرو ئەندامانی خۆی کە داوای فراکسیۆنیان کردبوو, من ئەو قسەیەی هاوڕێ مەنصور حیکمەتم بۆ هێنایەوە کە ساڵی 1997 لە نامەیەدا بۆ ئەو هاوڕێیانەی داوای فراکسیۆنیان دەکرد, ناردبوو.

ئەو هاوڕێیانەی پێشوو هەروەك ئێستای حەمەی ئاسنگەرانو ئازەری ماجدی بەڕابەری (حککع)یان ووت سەرکوتی مخالیفی سیاسی لەناو حزبدا دەکات, هاوڕێ مەنصور پێی ووتن ئەو قسانەی ئێوە دەنگدانەوەی تەبلیغاتی بۆرژوازی ڕۆژئاوایە لەدژی کۆمۆنیزم...))

پێش هەرشتێك ئێمە داواکارانی فراکسیۆن لەو کاتەدا, ئاگاداری نامەی لەو بابەتە نین, مەنصور حیکمەت تەنها نامەیەکی بۆئێمە ناردووە ئەویش وەڵامی نامەیەکی منو هاوڕێ بەمۆ عەلی بوو بۆئەو نەك نامەی ئەو بۆ هاوڕێیانی خوازیاری فراکسیۆن, لەو نامەیەشدا ئەو قسانەی محسن کریم دەیکات نەهاتووە، ئەوە ڕەنگانەوەو دەنگدانەوەی بیرکردنەوەی خۆیەتی. بەپێچەوانەوە ئێمە ئومێدمان وابوو وەك رابەرێکی کۆمۆنیست، کەرۆڵو کارکردی بەچوارچێوەی تەشکیلاتێت بەتەسك نەبێتەوە، تەدەخولبکاتو بێتەناوەوە. بەڵام ئەو سەرباری چەندین نامەو ئاگادارکردنەوەی ئێمە، وەك رابەری فیرقەیەك مامەڵەی کردو قسەکانی خۆی لەرێگای کەسانێکەوە کرد کە لەبناغەدا سەرچاوەی کێشەکەبوون.

دواتر سەبارەت بەسەرکوتی موخالیفی سیاسی لە حککع دا نمونە زۆر زۆرە باسیکەین ڕەنگە سادەترین نمونە هەڵوێستی مەکتەبی سیاسیان بێت سەبارەت بەداوای بەرەسمی ناسینی فراکسیۆن لە ئابی1996دا کەبەراشکاوی دەڵێ ئەوەی داوای فراکسیۆن بکات لەحزبدا جێی نابێتەوە((....لەروانگەی مەکتەبی سیاسیەوە مەرجی ئەندامەتیو بەم پێیەش بەهرەمەندبوون لەمافەکانی ئەندام، قبووڵکردنی ئەم چوارچێوەیەیە)) تازە ئەمە لەکاتێکیشدا نووسراوە کەکێشەکان

تارادەیەك خاوبوونەتــەوەو چــەندمانگ بەســەر داواكردنــی فراكسیۆندا تێپــەڕیوەو بیانوەكەشــی ئەوەیــە كەلەســەرەتای ئــەو ڕاگەیاندنــەدا دەڵــێن:((حككــع بــەواقیعی هێشــتا پرۆســەی پێكهێنــانی تێدەپــەڕێنێ، ســیالیەتی ڕێكخراوەیــیو ناســتقراری تەشــكیلاتێكی حزبــی خــاوەن ســوننەتی ڕۆشــنی عەمــەلیو سیاســی، هێشــتا ئەوەنــدە لــەو خاڵــە دووری نەكردووینەتــەوە كەبەڕاگەیانــدنی حــزب دەســتمان پێكــرد. بەشــێكی گــرنگو ئەســڵی لەموشــكیلەكانی ئــەمڕۆمان خــۆی درێژەكێشــانی ژیــانی سوننەتو بۆچوونەكانی دەورانی ڕابــردووە)) هەرچــەندە ئەوانــە هــەر ئــەو بیانووانــەن كەناســیونالیزمی كــورد چــەندین ســاڵ بەناوی ساوایيو جێگیرنەبوونی حكومەتەوە، ســەركوتی ئــازادی سیاســی پێكــردووە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا خــۆ ئێمــە ئــەو بارودۆخەمان درووست نەكردبوو، بەڵكو كاركردی خودی ئەورابەرایەتیە سەرچاوەی ئەو بارودۆخە بوو، درووست وەك ئەوەی لــەناو كەوانەكانــدا خۆیــان باســیدەكەن، ڕابەرایــەتی لەبــەر مــامڵانێی فیرقــەیی خۆیــان نەیاندەهێشــت حــزب پێشــبكەوێت، بەپێچەوانەوە ئێمە لەبەرامبەر ئەوەدا بەجواب هاتبووین.

دواتر هەرخودی قبوڵ نەكردنی فراكسیۆن خۆی سەكوتی سیاسیە, ئەوەلەكاتێكیشدا ئێمە بەئاشكرا ڕاماندەگەیاند كــەبۆ دوو مەبەست فراكسیۆنمان بۆگرنگە:

1/ بۆئەوەی بەهۆیەوە بەرگری لەخۆمان بكەین، چونكە بەتاك كەس نەیدەتوانی لەو حزبەدا بەرگری لەخۆی بكــاتو زۆریــش بوون ئەوانەی قسەی سیاسی حسێبییان دەكردو بەهۆی خیلافی سیاسیەوە لەحزب بەدەركران.

(2) بۆئەوەی ڕێگایەك بدۆزینەوە باسو قسەی خۆمانی لێوەبگەیەنین., چونكە بۆ ئەویش ڕێگایەك نەبوو.

كاك محسن كریم لەبیریەتی لەكۆبوونەوەی 1996/2/10ی كۆمیتە ڕابەریدا چ كــەمپینێكو چ هێرشــێكی دوژمنانــە بــەدژی ئێمەبەڕێخرا، تەنهالەبەرئەوەی چەند هاوڕێیەكی كۆمیتەی ڕابەری ڕەخنەو سەرنجەكانی خۆمان لــەدوو كاســێتدا بــۆ (م.س) نــاردبوو, یەكەبەیەكــە داوایــان لەهــەموومانكرد لــەو تاوانــەی كردوومانــە پەشــیمان بینــەوەو پاكانــە بنووســین، كەنــەمانكرد بەبەرچــاوی نوێنــەری مەنصــور حیكمەتــەوە (هــەر لــەو كۆبوونەوەیــەدا) بەئێمــەیان ووت, مــەلا بــەختیارو نۆكــەری صەدامو.....تەنها لەبەرئەوەی پێنج كادری كۆمیتەی ڕابەری پێكــەوە كۆببوینــەوەو ســەرنجەكانی خۆمــان خســتبووە ســەر كاسێت بۆ (م.س). تەنانەت كارگەیشتە ئەوەی بــەئیمزای تــاهیر حەســەن، ســكرتێری كۆمیتــە ڕابــەری، بریارێــك دەركــرا كــە "جگە لەكاتی كۆبوونەوە ڕەسمیەكان، هیچ دوو ئەندامێكی كۆمیتە ڕابەری بۆیان نیە پێكەوە دانیشن".

دواتر لەكۆبوونەوەی 96/6/24ی نیــوان خوازیــارانی فراكســیۆن م.س، داواكــاری ئێمــە بۆبڵاوكردنــەوەی باســەكانمانو بــۆ بەرگریكردن لە خۆمان كە بەڕاستو بەچەپدا پەلامار دەدراین, بــەڕەسمی ڕەتكرایــەوەو پــێیان ڕاگەیانــدین تــا بــەڕەسمیو موسبەت وەڵامی داواكاری پێكهاتنی فراكسیۆنەكەتان نەدەینەوەبۆتان نیە ئەو كارەبكەنو ....تاد.

ئەو كات محمدی ئاسنگەران وەك باقی هاوڕێ ئێرانیەكانی تری محسن كریم دەرگای ڕێكخستنەكان بۆیــان لەســەر پشــت بــوو بەدرێژیو بەپانی دەیانپێوا, تەنانەت بەبێ هیچ ئاگاداریو پێشەكیەك لەهەموو كۆبوونەوەكانی هەیئەی تــەنفیزیو كۆمیتــەی ڕابەریو تەنانەت مەكتەب سیاسیشدا پێیان لێڕادەكێشاو موعظیان دەداو هەندێكیان ڕاشكاوانە سوكایەتیان بەوانــە دەكرد كەرەخنەیان هەبوو, بەڵام ئێستا لەبەرئەوەی (بەهۆی جیابوونەوەی ســنووری حزبەكانیانــەوە)یــەكێكیان تۆزێــك لــەو ڕاستیانە باسدەكات, ئەو محمدی ئاسنگەرانە, ئەو ڕابــەرە كرێكاریــە كۆمۆنیســتو بەرچــاو ڕۆشــنە ئــەو نوێنــەرەی مەنصــور حیكمەت بەدەربڕینی محسن كریم بووە بە حەمەو شێوێنەری ڕاستیەكان.

ئایــا ئــەوە خــۆی بەشــێك نیــە لەســەركوتی سیاســی, ئــەوەی لەگــەڵ تۆنــەبێت تاوانبــار بێــت, ئەگــەر لــەو دوورەوە بەقســەو ناووناتۆرە سزای تاوانەكەی بدەیت, ئاشكرایە كە بەقەدەر زیادبوونی دەسەڵاتت بەسەریدا سزاكەت گەورەتر دەبێت.

لەسەرەوە محسن كریم نوسیویەتی (... بەناو فراكسیۆنی چەپ لەناو حزبــی كۆمۆنیســتی كرێكــاری عێراقــدا) مەبەســتی ئــەو هاوڕێیانەیە كە بەم دواییانە دیسانەوە داوای فراكسیۆنیان كردو حككع دیسان قبــوڵی نــەكرد, كــاتی خــۆی واشــیان بەئێمــە دەووت, بەڵام لەڕاستیدا ئەو دەربڕینە، واتە كەدەڵێ (بەناو فراكسیۆنی چەپ، بەناو كۆمۆنیســتی, بــەناو كرێكــاری... بــەناو

مارکسیو ...تاد، جگە لەوەی سونەتو رەوشتی چەپی تەقلیدی ووردە بۆرژوازیـەو بـەمیرات بـۆ ئـەوان ماوەتـەوە, هاوکـات قبوڵ نەکردنی ئازادی سیاسیو ئازادی بیرکردنەوەو ڕا دەربڕینە. کە لە بنەڕەتدا پایەی سەرەکی سەرکوتی سیاسیە.

لەکۆتاییدا پیمخۆشە ئەوە بڵێم ئێمە هەمیشە خوازیاری ئەوە بووین هەموو سەنەدو باسـەکان بڵاوببنـەوە، تاخۆیـان حەکـەم بـن. بـەڵام سـەرکوتی سیاسـی ئەوەنـدە لـەناو ئـەو حزبـەدا بـەهێزبوو، تەنانـەت ئێمـە دوای جیابوونـەوەشمان ئـەوکارەمان پێنەکرا.